دیدار لەگەل ئەدی هوپشمید بەرهەم هێنەری فلیمی یەلی یەلماز گونای

دیدار لەگەل بەرهەم هێنەری فلیمی یەلی یەلماز گونای بۆ ئەو خاتی کان ئەدی هوپشمید
یەک رۆژێک بەرو تەراوگە.!

سەرەتای ناسینی بەنز ئەدی هوپشمید

کات نزیک بە دووی دوای نیوەرۆیە هەکەوتی- ٢٠- ١٠-٢٠١٦- هەژی پێنج شەم، شوێن ستاندی کوردستان، پیاوێکی بەتەمەن تورەگیێکی لەبن هەنگڵی بوو، گووتی: دەمەوێ شتێکت پێ نیشان بدەم.
فەرمووم لێکردوو دام نیشاند، کتێبێکی لە تورەگەکەی دەرهێناو خێ ی ناساند کە ئەو بەرهەم هێنەری فلیمی یەلی یەلماز گونایە و باسی خێ ی پەیوەندییەکانی خێ ی و کاری هونەری کرد.
منیش بانگی هاوڕیانم کردوو پێم ناساندن
گووتی: دەمەوێ ئەو کتێبە بە کوردی چاپ بکرێت.
قسە وباسکی زۆرمان کرد، تەم گەیاند کە وەزعی سیاسی و ئابووری کوردستان زۆر خراپە، شەنکی سەخت ومایە ویرانکەر یەخێ ی گرتووین، دواتر پێم گووت دەتوانێ لای کە لە ئەوروپا کتێبەکەی چاپ بکات بەکوردی و هاوکاری بکات.

یەکێک لەم بۆزانەی ئامادەی دانیشتن و گفتو گۆکە بوو ئەندامی شاندی کوردستان بوو، بەنز کامەران سوبحان گووتی: کاک یووسف بزانێ دەکری دیدارێکی لەگەڵدا بکەین؟
منیش قسەم لەگەڵی کرد گووتم ئەگەر کاتت هەبێت ئەو بەیزە دەیەوی دیدارێکت لەگەڵدا بکات؟
ئیدی هوپشمید گووتی : دەبێ ئەستا بێم ، بێ بیانی کاتێک دیاری بکەین.

منیش گووتم بیانی سەعات دووازدە چەنە؟
هەژامەندی پیشاندا، ئەوبوو بیانی کاتژمێر دووازدە لەیەکێک لەکافتریاکانی بوخ مەسە دانیشتین، من سێ قاوەم هەناو دانیشتین بۆدەم قاوە خواردنەوە قسەو باسمان کرد.

من وەکو وەرگێرو هەمیش لە ڕابکخستنی پرسیارەکان و فەرمولە کردنی وەلامەکانیش بەشدار بووم، بە کامەراکەی خۆشم چەندین وێنەمان گرت، ڕاژی پشووش هەر بەکامەراکەی خۆم چەندین وێنەمان گرت.
ئیدی هوپشمید لەم دوو ڕاژەدا لەستاندی کوردستان زۆر کەیف خۆش بوو، لەکەتایدا چەند کتیبکمان بەدیاری پێدا.
ئەم نووسینەو وێنەیکم لەهەمان ڕاژ لە پەیجی فەیسبووکی خۆم بڵاوکردەوە:
(بەرهەم هونەری فلیمی یەل – ڕەنگای – یەلماز گۆنای بە یەکەم جار دەردەکەوێت
بەرهەم هونەرئێدی هوبشمید
لەسەردانیدا ئیمە بە ستاندی کوردستان ، لەهگەبەکەیدا کتێبکی پشاندابن، سەبارەت بە ژیانی هونەرمەندی کورد یەلمازگۆنای ، چنیەتی دەرهێنانی فلیمی یەل، سەرتای دیداری لە زیندان، کاری دەرهێنانی فلیم، ئەکتەرەکان، نمایشکردنی، وەرگرتنی خەلاتی کان ، بەرهەمەکانی یەلماز گۆنای، تا مەرگ و مەراسیمی ناشتنی هونەرمەند یەلماز گۆنای لە گۆڕستانی پێر لاشە ی پاریس.
ئەو بەڕێز دەزگایەکی چاپەمەنی کوردی دەوێت ئەم کتابە بە کوردی چاپ بکات، لەمانگی یانوری داهاتوو بە ئەلمانی چاپ دەبێت).
ماوەیەک بەر لە ئێستا کاک کامەران دیدارەکەی بە ناردم، منیش پێدا چوونەوەیەکم کرد و هەندەک زانیاری کە نانووسرابوو زیادم کردو بە خەتی سەر بەم ناردەوە بە ڕێزەوە.
دیدارەکە ئەوەی خوارەوەی لە بەرهەم هات ، دوا پرسیار سەبارەت بە ستاندی کوردستان و چاپکردنی کتێبەکە، زیادە، چوونکە ئەمە پشتر ئاماژەمان بەخراپی وەزعی کوردستان کرد، بەڕێز ئیدیش تە گەیشت بەیە ئەو بەدووای ڕەنگەی تردا دەگەڕێت، موراعاتی وەزی کوردستانی لەبەر چاو بوو، :

دیدار- کامەران سوبحان
وەرگێرو فەتە- یووسف منتک

* چەن بوو پاش چەندین ساڵ لە کەچی دوایی (یەلماز گوینای) بیرت کردەوە جاریکی تر بگەڕیتەوە بە لای وێنە و یادەوەرییەکانی ئەو فیلمساز کوردە و کاریکی دیکەمەنتاریی لەسەر بکەیت؟
– ئەوە بەسەرهات و مژوویەکی دورودرێژە، بەڵام لەوەوە دەست پێدەکەم کە ساڵی ڕابردوو هەمو وێنە و دیکەمەنتەکانم کەکردەوە کە پێوەندی بە (یەلماز گیونای) هەبوو، بە پێی کات و شوێن و بەرواری وێنەکان هەمویانم ڕێکخست. لە کەمپانیاکەم لەگەڵ نووسەرو

سیناریستەکی ئینگلیز کارم دەکرد ناوی (پیتەر پالینسن) بوو. پەکەوە دانیشتین بۆ ماوەی سێ هەفتە باسی یەماز گوینایم بۆ کرد. چۆن بوو؟ چۆن کاری دەکرد؟ ستایلی فیلمەکانی چۆن بەرهەم دەهێنا؟ ژیانی من چۆن بوو لەگەڵی؟ ئەوە بۆ دووەم جار بوو لەگەڵ دانیشم، پێشتریش لە ساڵی ٢٠٠١ بیرەکەی ئەوەم بۆ باسکرد کە فیلمەکی دیکەمێنتی لەسەر ژیان و کارکردنی خەم لەگەڵ (یەماز گوینا)ی پەکەوە دروست بکەین. ئەو نووسەر و سیناریستە بیرەکەکەی زۆر بەدڵ بوو، لەبەر ئەوەی (یەماز گوینای) سینەماکارێکی بەناوبانگی جیهانییە. بۆیە بە دەستپێکی ئەو فیلمە من هەژانە چیرۆکە جیاوازەکانی خەم لەگەڵ ئەو فیلمسازە کوردە بۆ ئەو دەگەڕایەوە، ئەویش هەموو قسەکانی منی تۆمار کرد. بۆ ئەوەی بتوانین پەکەوە فیلمەکی دیکەمێنتاری گرنگ دروست بکەین. پاشتر من گەڕامەوە بۆ (زیوریخ) بۆ ئەوەی دەرفەت بدەم بە (پیتەر پالینسن) دەست بە نووسینی سیناریۆی دیکەمێنتاریەکە بکات. دوای ماوەیەک بۆی باسکردم لە کوێوە و چۆن دەست بە دەستپێکی فیلمەکەمان دەکەین و بیرۆکەکە گەیشتە سەر پەڕە و دەست بکەین بەکاری جڵەجیکردن. کەمپانیای فیلم (C. Film)بۆیاریدا بەرهەمهێنەری فیلمەکە بێت.

***لە کۆی ژیانی خۆت و یەماز گوینای، دەستان بە فیلمە دیکەمێنتییەکە دەکرد؟ واتە فیلمەکە چۆن دەست پێدەکات و بە چی کۆتایی دێت؟**

– بۆپێی سیناریۆیەکەی ئەم، ئەو دەرهێنەرە مەزنەی کورد لە زیندانی (ئەنقەرە) لە ساڵی ١٩٧٦ دەست پێدەکات. کە دادوەرەکە بڕیاری دادگا لە هەڵی دادگا دەخوێنیتەوە، بڕیاری ١٩ ساڵە زیندانی بە (یەماز گوینای)دەرچوو.! دوای ئەوەی بە فیلمی (یەڵە) لەساڵی ١٩٨٢ خەڵاتی (کان)ی سینەمایی وەرگرت، من وەک بەرهەمهێنەر و ستافی فیلمەکەش هەرگیز باوەڕمان نەدەکرد ئەو خەڵاتە گەورەیە وەربگرین. پاش خەڵاتەکە من گەڕامەوە بۆ زیوریخ و ئەو گەڕایەوە بۆ پاریس. ئەو هەژە بۆ سەرجەم بەشداربووان هەژێکی مەزوویە، چونکە سەرجەمیان کەرستە و فیلمەکانیان دەپێچنەوەو پاش چەندین هەژ نمایشی فیلم و پەکەوە بوون و دیالۆگ هەر کەس بەرەو شار و وڵاتی خۆی دەگەڕێتەوە. ئەمەش کۆتایی فیلمە دیکەمێنتییەکەی من و (پیتەر پالینسن) بوو.

***تۆ چۆن یەکەمجار (یەماز گوینای)ت بینی و لە کوێ بینیت؟**

– ساڵی ١٩٧٩ بۆ یەکەمینجار، فلیمی مەگەڵی (یەماز گوینای)م بینی

لە ڤیستیڤاڵی کان. ئەو ساڵە لەگەڵ شەریکەکانم لە کەمپانیاکەمان پێکەوە چوونە ڤیستیڤاڵی (کان) و فیلمی (مەگەڵ)مان بینی. دوای کە گەڕاینەوە ویستمان ئەو فیلمەی یەماز میوانداری بکەین بتە سویسرا و لەوێ نمایش بکرێت، برادەرێکم لەگەڵ بوو، بە ئەو مەبەستە پێشت بە شاری(ئیسپارتە) لە تورکیا و سەردانی (گوینای) کرد و گرێبەستێکی لەگەڵ کرد بە هەنانی فیلمەکە بە سویسرا. پاشتر لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨٠ سەردانی یەماز گوینایمان کردەوە لە تورکیا، بەداخەوە ئەو کات ئەو لەناو زیندان بوو.! ماوەیەک لە ژێر چاودێری پۆلیسدا لە زیندان لەگەڵی دانیشتین و باسی ئەوەمان لەگەڵ کرد چۆن پێکەوە بتوانین لە داهاتوودا کاری سینەمایی پێکەوە بکەین؟ ئەو کات ئەو زۆر بە تاقەت و بە ئومێد بوو. بەڵام بەیارەکەی ئێمەی پی خۆش بوو. بەدەر لە فیلمی (یەک و مەگەڵ) فیلمی (دووشمان) لە تورکیا دروست کردبوو. هەرچەندە یەماز گوینای خۆی زۆر دڵی بە فیلمی(دووشمان) خۆش نەبوو، چونکە کارە هونەرییەکانی بە خراپ کرا بوو. بەڵام ئێمە پێمان وت هەمو ماتیاکانی ئێم فیلمە بنرێ خۆمان کاری دەنگ و مونتاژ و هەنگی بە دەکەینەوە. ئەوبوو ناردی بۆمان و مۆنتێرەکمان هەبوو ناوی (کاترین) بوو، سەرلەنوێ ئەو فیلمەی مونتاژ کردەوەو کارەکی ناوازە دەرچوو.

*** قەناغەکانی کارکردنی خەت و یەماز گوینای چۆن بوو؟**

– من بە دیاریکراوی لەساڵی ١٩٨٠ بە ١٩٨٤لەگەڵ یەماز گوینای کارم کردووە. ئەو ١٠ ساڵ لە من گەورەتر بوو. من ئەو کات گەنجێکی بە گوە و تین بووم و جۆش و خرۆشم زۆر بوو بە کاری سینەمایی. بەگومان ئەو ئەزمونێکی زۆری لەو بوارەدا هەبوو. کە نزیکەی ١٠٠ فیلمی سینەمایی هەبوو وەک (ئەکتەر و دەرهێنەر و سیناریست). بەڵام من ئەو کات تەنها چەند ئەزمونێکی کەمم هەبوو. ئیدی لەم سەرەتایەوە دەستمان کرد بە کاری هاوبەشی هونەریی. لەسەرەتاشدا هەمو کەرەستە و سیناریۆی فیلمی (یەک)مان لە تورکیاوە هێنا بە سویسرا. ئەو کاتە فەکەخانە زۆر توند بوو، بەڵام ئێمە توانیمان دەربازی بکەین و بیگەیەنینە سویسرا. هەر لەو سات و قەناغەشدا بەهەی ئەوەی زۆر نیگەران بوو، پێانمان هەبوو خۆی و خەزانەکەی دەرباز بکەین و بگاتە ئەوروپا.! ئێمە لای ئێمە پلانێکی گەورە بوو. زەرمان بەدە بوو. بۆیە بە وردی کار و نەخشەمان بۆ دانا بۆ ئەوەی لە زیندانی تورکیاوە خۆی و خەزانەکەی دەرباز بکەین بۆ ئەوروپا.

***چیرۆکی دەربازکردنی لە تورکیاوە بۆ ئەوروپا چۆن بوو؟ لەکاتێکدا ئەو لە زیندانداا بوو ئەو کات؟**

– (بە پێکەنینەوە) ئەوەش داستانێکی درێژە.! بەیارەکەمان پێ خۆش بوو، لە مانگی ئابی ١٩٨٠ کە لە زیندان چەند هەژدەک وەک پشوو بەبۆنەی جەژنەوە مۆڵەتیان درابوو بگەڕێنەوە بۆ ناو خێزانەکەی، ئەمەمان بۆ دەرفەت زانی توانیمان خۆی و هاوسەر و دوو منداڵەکەی بۆ شەوازی جیاواز ڕزگاریان بکەین لەیەک هەژدا، خۆی لە هەگبەی دەریاوە یانی بەحری ئیجە، خۆزان وهەردوو منداڵەکەی بۆ سەیارەی هەقەمی سویسری. لەکاتی گەیشتن بۆ سویسرا، هەژی دووایی کارمان لە فلیمی یەک کرد بەناو گرفتکمان هەبوو، ئەویش ئەوە بوو یەماز گوینای لە پالیسی ئینتەر پوە بیاری گرتنی هەبوو، دەبوو لەبەر ئەم هەکارە زەر بە نهەنی کار بکەین، لە ڕێگەی هەژنامە نووسانی تورکەوە ئەمەیان دەزیەوەوە ناچار خەمان وون کرد و درێژەمان بە کارەکانمان دا .! لەڕەدا باسی ناکەم، کە چۆن و بە چ هەگبەیەک لە تورکیا دەربازمان کرد. لە فیلمەکە دیکەمێنتییەکەم و لەم کتێبەشدا بە وردی ئەوەم باسکردووە، با تامی گەڕانەوەکە بە خوێنەران و بینەران جە بهێین.!

***گەیشتە ئەوروپا و لە تورکیا دەربازی بوو، قەناغی یەکەمی کارکردنتان چۆن دەستی پێکرد؟**

-هەر لەو هەژە سەرەتاییانەی گەیشتە سویسرا، دەستمان بە وێنەگرتن و کارکردن لە فیلمی (یەک) کرد. بەناو بەشەویەکی نهەنی و دوور لە چاوی میدیا. بەناو هەژنامەنووسانی تورک لە ئەوروپا ئەمەیان دەزیەوە. خەمان نەدەدا بە دەستەوە و خەمان لە دەدزینەوە و بە پچە پچە کارمان دەکرد. لە مانگی ١٠ی ١٩٨١ بە مانگی 5ی ١٩٨٢ کارە هونەرییەکانی فیلمەکەمان تەواو کرد.

*** با بۆینەوە بە سەر فیلمە دیکەمێنتەرییەکەت لەسەر (یەماز گوینای) چ بەسەرهات و گەیشت بە کوێ؟**

-پاش چەندین ساڵ هەوڵ و کۆشش بۆ پەیداکردنی بودجە و کەرەستەی پێویست، لە هاستیدا نەتوانرا ئەو فیلمە دیکەمێنتییە بەرهەم بهێنرێت، لەبەر بەی پارە و بودجەی پێویست، بۆیە بیرمان لە هەگبەی تر کردەوە، منیش بیارم داوە هەر دەبێت شتە لەسەر (یەماز گوینای) بکەم. بۆیە بەناچاری بیرکەکەم گەڕی لەبری ئەو فیلمە بە کتێبێک ئەو مەژووە بگەمەوە. بۆیە ماوەی زیاتر لە ساڵێک کتێبەکەم تەواو کردووەو ناوم ناوە (یەک ڕێگەیەک بەرەو تاراوگە.!)

***بە بیرتان لەوە نەکردەوە لەگەڵ کەمپانیایەکی بازرگانی ئەو فیلمە دیکەمێنتەرییە دروست بکەن، بۆتایبەت کەمەڵە بازرگانی گەورەی**

تورک و کەمێیک فیلمسازی بەناوبانگی تورک ئەستا لە ئەروپا دەژین؟

– لەئاستیدا هەمو رێگاکانمان تاقی کردەوە، بەڵام هیچمان دەست نەکەوت.! هەمو هەوڵەکانی خەمان خستە کار لە وڵاتانی (فەڕەنسا و سویسرا و ئەڵمانیا) بەدوای پارە و بودجەدا. لە زۆربەی شوێنەکاندا هەڵفز کراین. چونکە لەگەڵ ناوەڕۆکی فیلمەکە نەبوون. بە ناچاری ئەمە بە پشتی ئەو گرێبەستەی لە نەوانماندا بوو بڕی(٨٠ هەزار فرانک)مان دا بە (پیتەر) کە سیناریۆی بە نووسیبووین. دیسانەوە بە ناچاریی بەهۆی نەخۆشییەکەوە من لە فیلمەکە هاتمە دەرەوە وازم لەهێنا. بەڵام ڕۆژێک ئەم بەسەرهاتەی من لەگەڵ ئەو سیناریۆیەی فیلمی (یەڵماز گوینای) لە ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی بڵاوبووەوە. دەرهێنەرێکی بەناوبانگ تورک بەناوی (فاتیح ئاکین)پەیوەندی پێوە کردم وتی من لەو سیناریۆیە کار دەکەم. منیش بەم ناردو و بڵێ بوو وەڵامم بداتەوە، لەو ڕۆژەوە بەم ناردووە تا ئێستا بە دەنگ و هیچ وەڵامێکم دەست نەکەوتووەتەوە.!

***تۆواو لەبارەدا ئەو چیرۆکەت کەتایی پێ دێت؟**

– نەخێر، پار ساڵ ئەم بیرۆکەیە هەر لە مێشکمدا بوو، بڕیارێکی تر گەڵامەوە بە ئەو ئەرشیف و یادەوەرییانەی لەگەڵ(یەڵماز گوینای) هەم بوو. لە نێوان ئەوەی فیلمێکی دیکەمێنتی؟ یان کتێبێکی مێژوویی و وێنەیی لەسەر بڕاو بکەمەوە؟ بڕیە دووەمیان هەڵبژارد و لە ئەرشیفی خەمدا نزیکەی هەزار وێنەم دیاری کرد هی کاتی وێنەگرت و کارکردن لەگەڵ (یەڵماز گوینای) بە ئەوەی کات و مێژووی وێنەکە و چیرۆکەکانی بنووسمەوە. لەو ژمارەیەش جارێکی تر نزیکەی(٨٠) وێنەی زۆر تایبەت و نەبینراوم هەڵبژارد. دەتوانم بڵێم ٨٠ وێنە و ٨٠ چیرۆک و٨٠ بەسەرهات لەو کتێبەدا لەدایک بوو. ڕۆژانە بەردەوام کارم لەم پرۆژەیەدا دەکرد. تا بەڕێکەوت نووسەر و سیناریستەکم لە زیوریخ ناسی کە لە (فلیکس ئەپڵ)وەک ڕاوێژکاری سیناریۆ کار دەکات. باسی ئەو پڕۆژەیەی خەمم بۆ کرد، پێیمانی دامێ هاوکاریم بکات، منیش هەمو کاتێ کە بۆشکم دەنووسی بەم دەنارد و سەرنجی خەی بۆ دەنووسیم و دەسکاری دەکرد و بۆی دەناردمەوە. تا لەمانگی نیسانی ٢٠١٦ هەمو کتێبەکەی پێکەوە بینی. لەمانگی ٩ی ئەمساڵ کتێبەکە تۆواو بوو بە هەمو وردەکارییەکانییەوە دەزگای بڵاوبانگی چاپەمەنی کتێب لە سویسرا (Publishing Partuers Gw 6 H) بڵیارێ لە مانگی ١ی ٢٠١٧ بە زمانی ئەڵمانی بڵاوی بکاتەوە، لە ٢٨- ١- ی ٢٠١٧ لەپاریس لە ئەنیستووتی کوردی لای کەندا نەزان سیمینارێک بۆ کتێبەکەم ئەنجام دەدرێت .

***گەیینی سیناریۆی ئەم فیلمە دیکۆمێنتییە بە کتێبێک گرنگی لە چی دایە، ئایا دەتوانێت هەمان ئامانج بپێکێ کە تە بیرت لێکردبووەوە؟**

– نەخێر ناتوانێ، بەڵام بە ناچاری ئەم کارەم کرد، بەڵام ئەم کتێبەکە کە (وێنە و نووسینە) دەموەت بە هەر سێ زمانی ئینگلیزی و کوردی چاپ بکرێت. بایەخی ئەم کتێبە لەم دۆزگارەدا لە سێ لایەنەوەیە:
یەکەم: گەڕانەوەیەکە بۆ ئەو مێژووی تورکیا، بۆ ئەوەی بڵێم لەو سەردەمەوە بۆ ئێستا لە بارەی ئازادییەوە لە تورکیا چ ڕوودەدات.!
دووەم: ئەو قۆناغەی تورکیا کە یەکسان گوینای تێدا بووە، لەگەڵ ئەم هێشەی ئێستای تورکیا کە ماوەکەی نزیکەی ٣٠ ساڵێ هەمان مێژووە بە ڕووخسار و کەرەستەی جیاوازەوە.
سێیەم: ساڵی٢٠١٧ دەبێتە یادی ٨٠ ساڵەی لەدایک بوونی یەکسان گوینای، کە بۆیارە لە سەرەتای ساڵی داهاتوو کتێبەکە سەرەتا بە زمانی ئینگلیزی بڵاو بکرێتەوە.
* چۆن بوو هاتی بۆ پێشانگەی کتێبی نەوەدەکانی فرانکفۆرت؟
*کۆزانیم پێشانگەی کتێبی نەوەدەکانی فرانکفۆرت هەیە و لەو پێشانگەیەشدا بەشی کتێبی کوردی هەیە، هاتم ویستم بزانم ئایا دۆزگایەکی چاپەمەنی کوردی هەیە بتوانێت ئەم کتێبە مێژوویە لەسەر بەشیکی وونبووی مێژووی سینەما و کولتووری نەتەوەکیانە چاپی بکەن؟

ئەو زەدەیە
(ئەی هیچ دۆزگایەکی چاپەمەنی کتێبی کوردیت بینی، تا ئێکبکەون و ئەو کتێبە وەر بگرن بە زمانی کوردی و چاپی بکەن؟
- بەداخەوە کە هاتمە ستاندی کورد، بینینیم بەشیکی زەر هەژار و چەو لاوازە. کە قسەم لەگەڵ هەندێ کەس لەو بەشە کرد، وتیان بەهەی تەنگژەی ئابوریەوە لە هەرەمەکەمان نەماتوانی لەو زیاتر بەشداری ئەم چالاکییە جیهانییە بکەین. هیچ دۆزگایەکی کوردیش نەبوو، ئامادەبێت ئەم کتێبە ئەمانییە بگوێزێت بە کوردی و بڵاوی بکاتەوە.!).

برای خەم ئەوانەش زیاد بکە :
یەمەن گەنای خەی پەلیسی ئەنتەر پەل بە دوایەوەبوو بەی دەگەڵا. بە بەشداریمان لە ڤیستیڤالی کان، بەڵەوەبەری ڤیستیڤاڵ گووتی: من دەتوانم تەنها ڕۆژانی ڤیستیڤاڵ یەمەن گەنای بپارێزم ، ئەوەبوو ئەوەشی کرد.

*ئەی باشە دوایی چەن توانی ژیانی خەی و خەزانی مسگەر بکات؟
– ئەوەبوو دووا تر دەسیەکەمان گەیاندە فرانسوا مەتران و چەندین سیاسەتمەداری

